# بەرپرسێک بەر لەمردنی ژنێک بە کوشت دەدات و پیاوێک دەخاتە زیندانەوە


"بەڵێ فیشەکەکانم نا بەسکی‌یەوە، ئەو سکەی کۆرپەی پیاوێکی تری تێدا بوو، کوشتمو ئەگەرچی جەستەی پیس بو بو، بەڵام رۆحی پاك بوو ئێستاش لەگەڵمدا دەژی".

عومەر کەسێکی باڵامام ناوەندی ئەسمەر بوو، کە قسەی دەکرد لەنێوان رستەیەك و رستەیەکی تردا دەوەستا و بە هەناسەیەکی قوڵ رووداوەکەی باس دەکرد، وەك خۆی دەیوت پیاوێکی عەشایەرە، بەڵام خاوەن قسەی خۆیو شەرەف پەرست بوو.

ساڵانێك لەمەوبەر کیژیکی هاوشاری خۆش دەویست و ئەوان لەشارێکی پڕ جەنجاڵو رایەڵەکانی عەشایەریو خزم خزمێنەو بنەماڵەو حیزب پەرستیو ئابوریو کۆمەڵایەتی پێکرا تێکەڵ بوبون، ئەو سەردەمانەی عومەر ئەو کیژەی خۆشەویست دڵی کە سەری سوتانی ژنی یەکەمی لەبیر نەکردبوو، تینوبو بۆ سۆزێكو چەند وشەیەك، بۆیە پەیمانیان بەست ، بەڵام کەسوکاری کچەکە رەزامەند نابن "گەڕامەوە ئەوروپا رازیان بکەم نازانم بۆ وا رێگربون". ئەوان بڕیاری خۆیان داو عومەرو پەخشانیش بە پێچەوانەی ویستی ئەوان زەماوەندیان کرد".پەخشان کیژی بنەماڵەیەك بوو لە ناوچەکە رێزێکی ئەوتۆیان لێنەدەگیرا لەبەر ئەوەی خێزانێکی بیسەرەو بەرە بوون، باوکێکی پیری پەککەوتەی بێدەسەلات و دایکێکی نەخۆشی کەوتو لە جێگادا و هەندێك لە خوشك و براکانی لە هەندەران بوون و خوشك و براشی هەبوو لە هەمان شار، پێدەچێت بنەماڵەی ئەو کیژە کاریگەریەکی خراپیان لەسەر ژیانی ئەو هەبوبێت عومەر دەڵێت "لەسەرەتای پەیوەندیەکەمان پەخشان سوربو لەسەر ئەوەی بە زوترین کات ببێتە هاوسەرم و دەیوت لەو خێزانە رزگارم بکە". پێشتریش بە قسەی خەڵکی ناوچەکە هەر ئەو خێزانە خوشکێکی خۆیان لە رووداوێکی نادیاردا بە کوشت دابوو، عومەر دەڵێت "هەر کە سەردانی ماڵی باوکی دەکردو دەگەڕایەوە بارودۆخمان تێك دەچوو، من زۆرم خۆشدەویست بەڵام ئەوان سەریان لێ تێك دەدا". لەنێوان ئەو دوو هاوسەرەدا دوو کێشە رویدا کە بۆ هەتایە ژیانی ئەوانی شێواند لەئاهەنگێکدا عومەر فیشەکێك بەرقاچی کەوتو برایەکی پەخشانی تاوانبار کرد، بەپێی راپۆرتی پزیشکی گوایە عومەر ئەو فیشەکەی لەخۆی داوە، بەڵام عومەر دەڵێت " ئەو کەسەی من تۆمەتبارم کردبوو بە لێدانی فیشەکەکە برای پەخشان بوو، بەرپرسێك بەمۆنیکاوە لەبنکەی پۆلیس هێنایە دەرێ" .پاش ماوەیەك بەهەمان شێوەش پەخشان لەرووداوێکی جیادا فیشەکێك بەرقاچی کەوتو عومەری تاوانبار کردو ویستی جیابێتەوە، عومەر نکوڵی دەکاتو دەڵێت "وا نیە، من فیشەکم لێ نەداوەو ئەویش داوای جیابونەوەی نەکردووە". بەپێی قسەکانی عومەر ئەو کچێکی پاك بوو، بەڵام کەسوکارەکەی بەلارێیاندا بردووە، "من کوشتم، بەڵام کەسوکاری پێشتر کوشتبویان". سەر گوزشتەی ژیان و کوشتنی پەخشان لە لاپەرە (٥)ی رێوانی ژمارە ١٢٥ی ٥/١٦/ لە ریپۆرتاژێك بڵاوکراوەتەوە و ئەو دەمە عومەر هەڵاتووە و پاش خۆ بە دەستەوە دانی بۆ بەدواچونی راستیەکان لە زاری لایەنی دووەم رێوان عومەری هاوسەری پەخشانی دواند.

رووداوەکان بەشێوازی خێراو بەرەو ئاقارێکی ترسناك دەڕوات بەرەو رێژگەیەك کە بۆنی خوێنی لێ دێت، بەڵام بێدەنگی عومەر لەزۆر شت وەك خۆی دەڵێت بۆ ئەوەیە کێشەی تر نەخولقێت "زۆر شت هەن تا دەمرم باسیان ناکەم". ئەوەش وا دەکات زۆر لایەنی تاوانەکە نادیار بێت ،رووداوەکان خێرا ترو خەتەرناکتر دەبن، کەسی سێهەم دێتە ناو کێشەکانەوە کە پەیوەندی نیە بەو خێزانەوە ئەو بەرپرسێکی گەورە بوو لەناوچەکەدا پەیوەندی لەگەڵ پەخشان دا پەیدا کردبوو پاش ئەوەی چەند ئەندامێکی خێزانەکەی پەخشان کار ئاسانیان بۆ دروست بونی ئەو پەیوەندیە سۆزداریە کردبووعومەر دەڵێت "من ئەو کاتە دڵنیابوم کە کەسوکاری لەپشت ئەو حاڵەتەوەن، بەبراکەیم وت ئەو پیاوە زۆر هاتوچۆی ماڵتان ئەکات بەتایبەتی کە پەخشان لەوێ ئەبێت ، بەڵام ئەو وتی شانازیە خوشکەکەم پەیوەندی لەگەڵ ئەو خاوەن پایەیەدا هەبێت".

ئەو پیاوەی باس دەکرێتو سەرچاوەی کارەساتەکانی دواترە، بەرپرسێکی دەوڵەمەندی ناوچەکەیەو خاوەن ژنو منداڵەو بەپێی سنوری دەسەڵاتەکەی جڵەوی بۆ حەزەکانی شل کردووەو قوربانیەکی دیاری حەزەکانی ئەو پەخشانە و دواجاریش عومەرە ، لەو ناوچەیەی ئەوان



لەم پەرتوکە عومەر سۆزو خۆشەویستیو پەشیمانی بۆ پەخشان دەنوسێت

ناسینی بەرپرسێکی وا مسۆگەری زۆر شت دەکات وەك سوتەمەنی، مۆڵەت بۆ سەیارە، قاچاخچێتی کردن، لەیاسا لادان، گۆڕینی تاپۆی زەوی، هەڕەشەکردن لەخەڵکی بێ پەنا، داگیرکردنی موڵك زۆرجار ژنیش، زۆرن ئەو بەرپرسانەش تا دواڕادە دەسەڵاتی خۆیان بۆ کڕینی ویژدان، کەسێتی، هەموو شتێکی دەیانەوێت بەکاردێنن کەسێك ناوێرێت بڵێت بۆ؟ ئەویش نمونەیەکی ئەو کەسانە بوو. ئەو بەرپرسە کە عومەر باسی دەکات دەسەڵاتدار بو هەروەها لەلایەن ماڵی ( پەخشانەوە ) ەوە ڕێگەی بۆ خۆشکرابو کە بچێتە ئەوێو بێ دڵی خۆی نەکات بەتایبەتی کە زۆربەی جار "پەخشان لەماڵی باوکی بوو بە تۆراوی وەك عومەر دەڵێت "کە ئەو دەرۆیشتە ماڵیان ، باوکی پەخشانیان دەهێنایە بەر دەرگاو لەسەر کورسیەکەی دادەنیشت تاوەکو بەر پرسەکە دەرۆیشتەوە".

قسەلۆکی ناو خەڵك هێدی هێدی زیادی کردو بەمەزەندەی ئەوانیش عومەر پیاو نیە، چونکە هەموو دەیانزانی کە ژنەکەی لەگەڵ ئەو بەرپرسەدایە، عومەر دەڵێت "کەس رێزی نەدەگرتم بێ رێزیم لەچاویاندا دەخوێندەوە". ئایا پەیوەندی ئەو بەرپرسەو ژنەکەی عومەر تەنها قسەلۆك بون یان راستی؟؟ " بەیەکەوە دەمدین لەسەیارەکەی ئەودا تەنها هەردوکیان، قەسەم بەخوا شایەد هەبون ئەو پیاوە دەیخواردەوەو ژنەکەمی لەلابو لەسەرقەڵای شیروانەو بەبەردەوامی دەچووە ماڵیان". بێگومان هاندان و بێسەرەو بەرەیی ئەو خێزانە زەمینەی لەباری ئەو پەیوەندیە بوو، عومەر باس لەوە دەکات کە ئەو چەند جارێك بەبرای ژنەکەی وتووە کە ئیدی با ئەو کەسە پەیوەندی ببچڕێت لەگەڵ ژنەکەیدا کە ئێستا لەماڵی ئەوانەو ماوەیەکە تۆراوە ماڵی عومەری جێهێشتوە ، بەڵام لەوەڵامدا ئەو بەگاڵتەجاڕییەوە دەیوت "هیچ کێشە نیە، پێم خۆشە ئەو دڵێ بەخوشکمەوە بێت".ئیتر ئەو وەك خۆی دەڵێت، پاش ئەوەی پەنای بردۆتە بەر چەند کەسانێك بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە چارەسەر بکەنو ئەنجامی نابێت، هەڕەشە لەبەرپرسەکە دەکات"تەلەفونم بۆ کردو پێم وت چارم نەما هەردوکتان بەیەکەوە دەکوژم گەر بەیەکەوە بتانبینم".

عومەر هێدی هێدی کە قسەکانی دەگێڕایەوەو نەفەسی قوڵی لەو جگەرەیە دەکێشا کە بەپەنجە زەرد بوەکانی توند گرتبوی بەردەوام باسی ئەوەی دەکرد کە ژنەکەی ئەو ماڵی باوکی لەبەر بەرژەوەندی خۆیانو کاریان بەو بەرپرسە ناچاریان دەکرد بچێتە لای گەر نا ئەو دڵی بەو کارەوە نەبوو، بەپێی قسەی هەندێك لەدانیشتوانی ناوچەکەش ئەوە باس دەکەن کە ئەو خێزانە شیرازەی تێکچو بوو دایكو باوکەکەش نەیاندەتوانی رێنمایی خێزانەکە بکەن، عومەر دەڵێت "هەر خوشكو براکانی بوون ئێمەیان وا لێکرد".

ئەو هەڕەشەیەی عومەر دەنگ دەداتەوەو وا دەکات ئەو پەیوەندیەش هێندەی تر دەربکەوێتو خەڵك بزانێت ،بەوەش بڕیاری کوشتن لەمێشکی عومەردا دەچەسپێ، ئەو کە باسی رۆژی رووداوەکەش دەکات ئاماژە بەوە دەدات کە پەشیمان نیە لەو کارە "رۆژی رووداوەکە دەچومە ئاهەنگێك بەبەردەم ماڵی ئەواندا تێپەڕیم، بینیم سەیارەکەی ئەو لەحەوشەکەیاندایە، هێندە پەست بوم تەواو بڕیاری کوشتنم دا". عەمەر پاش ئەوەی بەپەلە لەئاهەنگەکە دەگەڕێتەوە دەچێتە ناو بازاڕ فیشەك بۆ دەمانچەکە دەکرێتو دەچێتە بەردەرگای ئەوانو ژنەکەی لەبەردەگا دەبینێت تەقەی لێدەکات، هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا باوکی ژنەکەی گیان لەدەست دەدات، بەڵام ئەو دەڵێت "مەبەستم بو ژنەکەم بکوژم بەڵام باوکی نا ".

عومەر ئەو کارە دەکاتو هەڵدێتو هەڕەشەش بۆ بەرپرسەکە دەنێرێت، ئەو کە هەڵاتبو هەر پۆلیس بەدوایدا نەدەگەڕا، بەڵکو لایەنی تریش، ئەو سەردەمەی عومەر ئەوکارەی کرد واتە مانگی (٥) ی ٢٠٠٦ یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەخۆئامادەکردندا بو بۆ هەڵبژاردنو لەمیانەی ئەو هەڵبژاردنەشدا کۆمەڵێك تەکەتول دروست بو بونو هەر تەکەتولەش دەیویست لایەنگری خۆی دەربچێت، هەر بۆیە عومەر بوە نێچیرێکی باش کە ئەو بەرپرسەی پێ راوبکرێتو لەرێگەیەوە پشتی دەستەکەی بشکێنرێت. عومەر دەیزانی بەدوایدا دەگەڕێنو بڕیاریشی دا بوو خۆی بدا بەدەستەوە، بەڵام دەترسا لەوەی بکەوێتە دەست کەسانێك لایەنداری کێشەکە بن، هەر بۆیە تەلەفونی بۆ کەسایەتیەکی یاسایی ناوچەکە کرد، عومەر دەڵێت "ئەو دەسەڵاتێکی یاسایی بەرزی ناوچەکەی هەیەو تەلەفونم بۆ کردو وتم من عومەرم، بەڵام تەلەفونەکەی بەسەردا داخستمەوە". لەسەروبەندی هەڵبژاردنیشدا ئەو بەرپرسەی کە پەیوەندی لەگەڵ ژنەکەی عومەردا هەبوو گیانی لەدەستدا، دواجار عومەر بڕیار دەدات پەیوەندی بەکەسێکی ترەوە بکاتو خۆی تەسلیم بکات" هەر چۆنێك بوو ژمارەی کاك چەتۆی بەڕێوەبەری پۆلیسی گەرمیانم پەیداکردو دەمزانی بکەومە دەست ئەو ناعەدالەتیم بەرامبەر ناکرێتو مەوعیدمان داناو خۆم دا بەدەستەوە، ئێستاش لەزینداندام".

عومەر ئێستا لەزینداندا شیعر بۆ ئەو ژنە دەنوسێت کە کوشتویەتیو دەڵێت "دەبو بمکوشتایە، بەڵام دەبو کەسێکی تریشم کوشتبایە، چونکە ئەو ژیانی وا لێکردین، بەڵام حەیف بەدەردی خوایی مرد". دەمێنێتەوە ئەوەی سزای یاسایی بەسەر تاوانباردا بسەپێنرێت کە وەك خۆی دەڵێت هیوادارە دادوەر عادیلانە مامەڵەی لەگەڵ بکات، دەڵێت "من وا پەروەردە کراوم خوێن بڕژم لە پێناو شەرەفمدا کەواتە هەر من تاوانبار نیم بەڵکو پەروەردەو کۆمەڵگاو دەسەڵاتیش تاوانبارن"

**ئا/ هانا شوان**

# کاسبکارێک "لێرە عەشایەر هەموو شتێکە یاسا هەر ڕۆڵی نیە"

## تەواوکەری هەواڵی لە سەید سادق...

" ئەو ژنەی باسی خۆسووتاندنەکەی کرد زۆر ڕاست دەکات، لێرە خۆیان دەسوتێنن بەڵام دەبوا باسی ئەوەشی بکردایە شوێنێکیان بۆ بکەنەوە ژنەکان یان کچەکان بچن باسی خەمەکانیان بکەن"

ئەوە قسەی ژنێکی باڵا مام ناوەندی تەمەن (٣٠) ساڵ بوو کە یەکێك بوو لە بەشداربوانی ئەو کۆڕەی ڕۆژی ٢٠٠٦/١٢/١٤ ماڵی گەنجان لە سەید سادق کە، بۆ هەردوو ئەندام پارلەمان (سارا فەقێ خدرو کوێستان عەبدوڵا) سازیان دابوو.

ئەنورە حەمە غەریب لە ماڵی گەنجانی سەید سادق وتی "ویستمان بە بۆنەی (٢٥)ی نۆڤەمبەرەوە چالاکیەك بۆ ژنان ئەنجام بدەینو بڕیارماندا ئەو دوو ئەندام پارلەمانە بانگهێشت بکەین". لە ناو هۆڵەکەدا ژمارەیەکی دیاریکراو لە ژنان دەبینرانو هەندێکیشیان بەهۆی ڕێکخستنە حیزبیەکانەوە بانگهێشت کرابوون، سەرەتای ئەو کۆبوونەوەیە بە باسێکی کوێستان عەبدوڵا ئەندامی پارلەمانو ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، سەبارەت بە چالاکیەکەو کارەکانیان بە ڕێوانی وت "ئێمە لە پارلەمان لەم قۆناغەدا کار بۆ گۆڕینی یاساکانی باری کەسێتی دەکەینو هەر پاش دەنگدان لەسەر ئەو پرۆژەیە کار بۆ دەرکردنی یاسای قەدەغەکردنی توندوتیژی خێزانی دەکەین"، ئەو بە لەبەرچاوگرتنی واقیعی کۆمەڵگای کوردی ئاماژەی بەوەدا کە ئەو بڕیارە سەختە جێبەجێکردنی لە ئێستای کۆمەڵگاداو وتی "ئەو یاسایە هەر بۆ ئەمڕۆ نیە ڕاستە جێبەجێکردنی سەخت دەبێت لە ئێستادا بەڵام دڵنیام لە داهاتوودا سوودی لێ وەردەگیرێت"، ئەو پێی وابوو کە کاتێك باسی لە کاریگەری ئاینو توندوتیژی کرد ئەو مەسەلەیە بووە مایەی سەرنجی هەندێك لە ئامادەبوانو موداخەلەکانیان، ژنێك کە زۆر بە هێمنی دانیشتبو بە ووردی گوێی دەگرت وتی "خەڵکی ئێرە بێبەشن بەتایبەت ژنان، کچەکەم پاش ئەوەی پێنج منداڵی بوو نازانم خۆی کوشت یان مێردەکەی کوشتی! ئێستا ئەو منداڵانەی سەرگەردانو خێریان پێ ئەکرێت، خۆزگە کەس وەکو کچەکەم حەقی نەخورایە".

قوتابیەکی کوڕی ئامادەبووی هۆڵەکە وتی "تا خزمەتگوزاریو گرنگی لەلایەن دەسەڵاتەوە نەدرێت بە ناوچەکە، ئەوا هیچ پێشناکەوێت"، سارا فەقێ خدر باسی دووەمی کۆبوونەوەکەی پێشکەش کرد کە تایبەت بوو بە خۆسوتاندن لە کاتی باسەکەی ئەودا ژنێك لەبەرخۆیەوە قسەی دەکردو بەرەو دەرگای هۆڵەکە دڕۆیشت وتی "کچەکەم خۆی سوتاندو جا چی بکەین خۆیان وادەکەن خۆ ئێمە پێمان نەوتبوو". سارا فەقی لە باسەکەیدا ئاماژەی بە بڕیارێك دا کە ئەندامانی خولی پێشوی پارلەمان داویانە بەڵام جێبەجێ ناکرێت "بەپێی ئەو بڕیارە ئەو کەسەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بووە هۆی خۆسوتاندنی ژنێك زیندانی دەکرێت بۆ نموونە پیاوێك ڕۆژانە لە ژنەکەی دەداتو ژنە خۆی دەسوتێنێ دەبێت ئەو پیاوە سزا بدرێت". ئەو بڕیارەی سارا فەقێ خدر باسی دەکات دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی کەمبوونەوەی خۆسووتاندنی ژنان، بەڵام ئایا ئەو بڕیارە تا چەند بە شێوەی پێویست پیادە دەکرێت، سارا دەڵێت "یەکێك لە کۆبوونەوەکانی پارلەمان تەرخانە بۆ چۆنیەتی گرنگیدان بە دەزگا قەزاییو پۆلیسیەکان بە شێوەیەك کە مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ ئەو کەیسانەی توندوتیژی خێزانی بکەن کە دەچێتە لایان". قسەکانی هەریەك لەو دوو پارلەمانتارە بووە مایەی سەرنجو موداخەلەی گەنجان بە تایبەت کاتێك کوێستان عەبدوڵا ئاماژەی بەوەدا کە دین سەرچاوەیەکی توندوتیژیە دژ بە ژنان، کاسبکارێکی تەمەن ٣٨ ساڵ کە ئامادەبوویەکی تری چالاکیەکەی ماڵی گەنجان بوو وتی "ئەوان باسی مەسەلەی عەشایەریان نەکرد لێرە عەشایەر هەموو شتێکە یاسا هەر ڕۆڵی نیە". ژنێکی تەمەن ٤٥ ساڵیش گوێی دەگرتو زوو زوو دەیوت ئەو کوێستانە ڕاست دەکاتو وتی "هەموو ئەزانن بەناوی دینەوە غەدرمان لێدەکرێت کەچی ئەمڕۆ کەس قسە ناکات".